www.kurdistannet.org
29-1-2006 18:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەرێز حاکم ڕەؤوف رەشید. . پارێزەرخالید مەجید فەرەج

سڵاوی گشت قوربانیانی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجەو دۆڵی بالیسان و سەویسێنان و بادینانت لێ بێ. سڵاوی هەموو دایک و باوکانی شەهیدانی دادگا کارتۆنیەکەی سەورەی 35 ساڵی پێشێل کردنی سەرەتایی ترین مافەکانی ئینسانت لێ بێ. سڵاوی چوار نەوەی تەمەن بە باچووی شەڕە عەبەسیەکانی دۆنکیشۆتی بیری عروبەت لێ بێ. تۆ بەو جوامێریەی کە ئەمرۆ لە دادگایی کردنی ئەو گەلە گورگەی کە کەڵبەیان تاوەکو ئێستاش خوێنی قوربانیانی نەوەکەتی لێ ئەتکێ بەراگرتنی ئەو مێگەلەی کە بۆگەنی گازی ژەهراوی لە هەناسەیان دێ لە سووکایەتی کردن بە داگا، سەلماندت کە قەزاوەت لە کوردستانیش پیاوی ئازاو شارەزای تەواوی قانون و بە توانا لە راگرتنی هەیبەتی دادگای لێ یە، تۆ سەلماندت کە پیاوێکی موناسبیت بۆ کورسی دادوەری یەکەم کە کورتر لە باڵای بەرێزتان پری ناکاتەوە. ئەمرۆ جێبەجێکردنی قانونم بینی ئەمرۆ سەدام و بەرزانم بە زەلیلی لەبەر دەمی قانوندا بینی. کاک ڕەؤوف ئەوکاتانەی کە پارێزەر بووی لە سلێمانی و پاشان دادوەر لەهەولێر ئەگەر پێویستت بە پشتگیری هەبوبێت رەنگە تەنها کەسانێکی نزیک وەک بیر وەک هاورێیەتی بەتەنگتەوە هاتبن، ئەمرۆ تۆ پێشمەرگەیەکی لە پێش ئێمەی زیندووەوە ڕۆحی شەهیدان قەڵغانی ئەو هەڵوێستە جوانەتن، ئەمرۆ هەموو کوردێک لەگەڵتن. تۆ پێش ئەوەی سەری کورد بەرز بکەیتەوە سەری دەزگای قەزایی کوردستانت جارێکی تر بردەوە ئەو ئاستەی کە شانازی پێوە بکەین. هەر بژین بۆ پێشەوە.